# بڵێ: ( السلام على أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، ويرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين، وإنا إن شاء الله بكم للاحقون )

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئایا بۆتان بگێڕمەوە سەبارەت بە من وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتمان: بەڵێ، ووتی: کاتێک شەوی من کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لام بوو، گەڕایەوە وچارۆکەکەی (بشتەکەی) ونەعلەکەی داکەند، لە لای پێیەکانی دایانان، لێواری ئیزارەکەی (جلی نیوەی خوارەوەی لاشەی) خستە سەر جێگاکەی، وپاڵی دایەوە، پاڵکەوت هەتاوەکو پێی وابوو کە من خەوتووم، چارۆکەکەی بە هێواشی برد، ونەعلەکانی بە هێواشی لەپێکرد، ودەرگاکەی کردەوە ودەرچوو، پاشان بە هێواشی (دەرگاکەی) داخست، سەرپۆشەکەم کردە سەرم وڕووم داپۆشی، وئیزارەکەم توند بەست، پاشان لە پشتیەوە چووم، هەتاوەکو گەیشتە بەقیع، زۆر وەستا، پاشان سێ جار دەستی بەرز کردەوە، پاشان ئاوڕی دایەوە ومنیش ئاوڕم دایەوە، و بەپەلە ڕێی کرد ومنیش بەپەلە ڕێم کرد، وخێرا بوویەوە لە ڕێکردن ومنیش خێرا بوومەوە لە ڕێکردن، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ومنیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، پێش ئەو چوومە ژوورەوە، کاتێک پاڵکەوتم هاتە ژوورەوە، فەرمووی: «ئەوە چیتە؟ ئەی عائیش، بۆچی وا هەناسە دەدەیت»، (عائیشە) ووتی: هیچ نییە، فەرمووی: «پێم دەڵێیت یان -اللطيف الخبير*- (خوای گەورە) پێم دەڵێت»، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، باوک ودایکم بە قوربانت بن، وهەموو شتێکم پێی ووت، فەرمووی: «تۆ ئەو ڕەشاییە بوویت کە لە پێشمەوە بینیم؟»، ووتم: بەڵێ، بە مشتێک لەسەر سینگمی دا کە ئازاردەر بوو، پاشان فەرمووی: «ئایا گومانت ئەوە بوو خوای گەورە ستەمت لێبکات وپێغەمبەرەکەی؟»، ووتی: هەرشتێک خەڵکی بیشارێتەوە؛ خوای گەورە پێی دەزانێت؟! بەڵێ، فەرمووی: «جبریل هات کاتێک منت بینی، بانگی کردم، ولە تۆ شاردیەوە، وەڵامم دایەوە، لە تۆ شاردمەوە، نەدەهاتە ژوورەوە چونکە جلەکانت دانا بوو، وگومانم وابوو کە خەوتوویت، حەزم نەکرد بەخەبەرت بکەمەوە، وترسام لەوەی هەست بە تەنیایی بکەیت، (جبريل) فەرمووی: «پەروەردگارت فەرمانت پێدەکات، کە بێیت بۆ لای ئەهلی بەقیع؛ وداوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت»، ووتم: چییان پێ بڵێم ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بڵێ: «(السلام على أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، ويرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين، وإنا إن شاء الله بكم للاحقون)**». *(اللطيف: ناوێکی خوای گەورەیە بە واتای چاکەکار وبەبەزەیی ونەرمونیان دێت بەرامبەر بوونەوەرەکان. الخبير: واتا زانا وشارەزا بە وردەکاری ونهێنی هەموو شتێک)، **(واتە: سەلام لە ئێوە بێت نیشتەجێبووانی ئەم شوێنە لە ئیمانداران ومسوڵمانان، وخوای گەورە ڕەحم بکات لە ئەوانەی لە (پێشووتر چوون ولە ئەوانەیش لە داهاتوودا دێن-بۆ ئەم شوێنە-، وئێمە بە ویستی خوای گەورە دێین بۆ لای ئێوە

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسێک دەکات سەبارەت بە ئەو لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە بەشی شەوی ئەو لە لای بوو، هات بۆ سەر جێگاکەی، وچارۆکەکەی (بشتەکەی) ونەعلەکەی داکەند، لە لای پێیەکانی دایانان، وپاڵی دایەوە، کاتێک گومانی وابوو کە من خەوتووم؛ چارۆکەکەی بە هێواشی برد، ونەعلەکانی بە هێواشی لەپێکرد، بۆئەوەی من خەبەرم نەبێتەوە، ونەعلەکانی بە هێمنی لەپێکرد ودەرگاکەی کردەوە ودەرچوو، پاشان بە هێواشی دەرگاکەی داخست، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ئەنجامدا بە نهێنیەوە بۆئەوەی عائیشە خەبەری نەبێتەوە وبترسێت لە کاتی تەنیا بوونی لە تاریکی شەودا، عائیشە جلەکانی کردە بەری وسەرپۆشەکەی کردە سەری وڕووی داپۆشی، پاشان دەرچوو لە پشتیەوە، هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گەیشتە بەقیع ئەمیش گۆڕستانێکە لە مەدینە؛ زۆر وەستا، پاشان سێ جار

دەستی بەرز کردەوە؛ نزای دەکرد، پاشان ئاوڕی دایەوە بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی وعائیشەیش بە خێرایی ئاوڕی دایەوە، وپاشان -صلى الله عليه وسلم- بەپەلە ڕێی کرد وعائیشەیش بەپەلە ڕێی کرد، پێش ئەو چووە ژوورەوە، عائیشە پاڵکەوت وئەویش -صلى الله عليه وسلم- هاتە ژوورەوە، فەرمووی: (ئەوە چیتە؟ ئەی عائیش، بۆچی وا هەناسە دەدەیت)، مانای ئەوەیە: سینگی بەرز دەبووەوە وهەناسەی دەپچڕا وەکو کەسێک کە بە خێرایی ڕای کردبێت ونەتوانێت بە باشی هەناسە بدات لە کاتی قسەکردنیدا، عائیشە ووتی: هیچم نییە، فەرمووی: «پێم دەڵێیت یان -اللطيف الخبير*- (خوای گەورە) پێم دەڵێت»، ئەویش باسەکەی بۆی گێڕایەوە، فەرمووی: (تۆ ئەو کەسە بوویت کە لە پێشمەوە ڕێت دەکرد؟) ووتی: بەڵێ، بە مشتێک لەسەر سینگی عائیشەی دا کە ئازاردەر بوو، پاشان فەرمووی: (ئایا گومانت ئەوە بوو خوای گەورە ستەمت لێبکات وپێغەمبەرەکەی؟): واتا ئایا گومانت وایە خوای گەورە ستەمت لێبکات وپێغەمبەرەکەی ستەمت لێبکات؛ ئەمیش بە مانای ئەوە دێت شەوی تۆ بێت ومافی تۆ بێت کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لای تۆ بمێنێتەوە کەچی بچێت بۆ لای یەکێکی تر لە خێزانەکانی؟ ئەمە نادادپەروەری وستەمە، عائیشە ووتی: (هەرشتێک خەڵکی بیشارێتەوە؛ خوای گەورە پێی دەزانێت؟! بەڵێ): واتا وەکو ئەوە وابێت کە خۆی قسەکەی خۆی بەڕاست دابنێت، ووتی: بەڵێ، هەرشتێک خەڵکی بیشارێتەوە؛ خوای گەورە پێی دەزانێت. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە جبريل هاتووە بۆ لای، ونەهاتە ماڵەوە؛ چونکە عائیشە جلەکانی دانا بوو؛ خەریک بوو بخەوێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گومانی وابوو کە خەوتووە، وحەزی نەکرد بەخەبەری بکاتەوە بۆئەوەی کاتێک تەنهایە نەترسێت لە تاریکایی شەودا، جبريل -عليه السلام- بە پێغەمبەری فەرموو -صلى الله عليه وسلم-: پەروەردگارت فەرمانت پێدەکات، کە بچیت بۆ لای ئەهلی بەقیع؛ وداوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانەکەی جێبەجێکرد؛ هات بۆ لای گۆڕستانی بەقیع ونزای بۆ مردووەکان کرد وداوای لێخۆشبوونی بۆیان کرد، عائیشە ووتی: چیيان پێ بڵێم ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: بڵێ: (السلام على أهل الديار من المؤمنين والمسلمين، ويرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين، وإنا إن شاء الله بكم للاحقون)**. *(اللطيف: ناوێکی خوای گەورەیە بە واتای چاکەکار وبەبەزەیی ونەرمونیان دێت بەرامبەر بوونەوەرەکان. الخبير: واتا زانا وشارەزا بە وردەکاری ونهێنی هەموو شتێک)، **(واتە: سەلام لە ئێوە بێت نیشتەجێبووانی ئەم شوێنە لە ئیمانداران ومسوڵمانان، وخوای گەورە ڕەحم بکات لە ئەوانەی لە پێشووتر چوون ولە ئەوانەیش لە داهاتوودا دێن-بۆ ئەم شوێنە-، وئێمە بە ویستی خوای گەورە دێین بۆ لای ئێوە)